# راپەڕینی 2005 لە کەلار

ئازاد عوسمان/کەلار
Azad83@maktoob.com

کەئاداری 1991کورد راپەڕی دژ بە بەعس، من ئەو کات تەمەنم کەمتر لە 8 ساڵبوو، هەربۆیە نازانم چی رووی دا و چۆن روویدا، لێ ئەوە دەزانم کەخەڵکی بەچەشنێك لە رژێم پەست و تووڕە بوون کە تەنانەت دەرگا و پەنجەرەشیان بەدامودەزگاکانەوە نەهێشت.

چەند ساڵ تێپەڕی و ئەمجارەیان لە ئەیلولی 2005دا، چەندین گەنج راپەڕینێك دژ بەوهەموو گەندەڵی و کەموکورتیانەی پێداویستگەلێك کە سادەترین ماڤی مرۆن، بەرپادەکەن.

گەرچی لەجەوهەر و ئاراستەدا هەر راپەڕینە و لەوی تر جوودایە، بەڵام لەخاڵێکدا وێکدێنەوە، کەئەویش تێکدانی دامودەزگاکانە.

دوور لە هاژ و هوریای ریاکارانی دەسەڵات کە گەرەکیان بوو بەهەر چەشنێك بێت سیفەتی ئاژاوەچێتی بەسەر تەواوی راپەڕینەکە و ناوەڕۆکەکەی بدەن و سوکی بکەن، نەزەرم ئەوەیە کە ئەوەی کەلارییەکان پێی هەستان لەکاری تێکدەرانە دژ بەدامودەزگاکان، رێك وەك ئەوەی نەوەدویەکە.ئەویش بەوەی کە خەڵکی رق و تووڕەییان لەگوێ پێنەدانی دەسەڵات گەشتە ترۆپك.گەرمیانێك کە کەلار مەڵبەندێتی تەنها مەگەر لەیادەکانی ئەنفال دا وەبیر دەسەڵات بێتەوە.کەلار چی تر نەیتوانی ئەو رق و تووڕەییە حەشاردراوەی ناخی خەزن بکات، نەیتوانی چاوبپۆشێت لەو هەموو جەردەییەی کەلەسەر سنگی وی ئەنجام دەدرێت، نەیتوانی قەبووڵی ئەو هەموو ئەتکە بکات کە دەسەڵات بەهەزاران چەشن دەرهەق بەو ئەنجامی دەدات.

دەزگاکانی دەسەڵاتی کوردی نەیانتوانیوە جیاوازبن لەوانەی بەعس، خاوەنی نەهجێکی تازە و جیاواز نەبوون، عەقڵێکی مۆدێرن لەپشتیانەوە نەبوون و ئیدارەیان نەکردوون، هەربۆیە دەبینین خەڵکی کەجامی تووڕەییان پڕدەبێت بەسەر ئەو دەزگایانە قەڵپی دەکەنەوە و وێرانی دەکەن.(دیارە هەندێ کاری وەك دزیکردن لە هاوڵاتیان و فەرمانبەران لەو چێوەیەدا حساب ناکرێتی و باسێکی ترە)

چواردەساڵە ئێمە دەڵێین راپەڕینمان کردووە، کەچی وائێستا تازەبەتازە سەرەداوی راپەڕینێکی تر وەدەرکەوت، هەتا دەسەڵاتیش دۆگمابوون بکاتە پێڕەو، چاوەڕوانی راپەڕینی تریش بن.